# " نەفرەت" ی شێرکۆ بێکەس و
# " نەفرین" ی سەعدوڵڵا پەرۆش
# لە شوێنگەی پێشمەرگە و بەعسدا

**باوەڕ مەجید**

**لە سەرەتادا**

ساڵی پار لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریم لە ژێر ئەم ناونیشانە " بڕۆنزی کەریم دەشتیو فریادڕەسی نەوزاد ڕەفعەت لە 31ی ئابدا" نووسی و لە ماڵپەڕی " دەنگەکان"دا بڵاومکردەوە، دیاربوو دوای ماوەیەکی کەم بووە، باسەکەم ببووە جێی مشت و مڕی ناوەندی ئەدەبی کوردی و لە چەند لایەکەوە بیستم کە لێکۆڵینەوەکەم جیاواز بووە لەو بابەتانەی کە ئەمڕۆ بە ناوی ڕەخنەو شیتەڵکاری دەق ناوە، ناوە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە کوردییەکاندا بڵاودەکرێنەوە، بە تایبەتیش من ناوەوەی شاراوەی دوو دەقم شی کردبووەوە، کە بابەتەکەش تا ئێستا بەشێکە لە زاکیرەی کوردەواری. ئەو مشت و مڕە زارەکییەی ناوەندی ئەدەبی کوردی بووە هاندەرم تا کاری تر و بەرهەمی تر پێشکەش بکەم، کە ئەم بابەتە کارێکی ترە و هیوادارم کەشفێکی تازە بێت بۆ دوو دەق، ئەم کارەشم بە هەمان کۆششی کارەکەی پێشووم بەشێکە لە جێ پەنجەی حزب و ژیانی حزبایەتی بەسەر دەقی ئەدەبیدا بە تایبەتیش شیعر، لەم باسەمدا لە شیعری " نەفرەت" ی شێرکۆ بێکەس و " نەفرین" ی سەعدوڵڵا پەرۆش دەدوێم.

**شوێنگەی هەردوو دەقەکە**

بێجگە لە بوونی ناو و ئیمزای دوو شاعیرەکە لەسەر دەقەکان، هەردوو دەقەکە لە دوو فەزای جیاواز نووسراون، کە شێرکۆ بێکەس ناوی لێناوە دوو سەنگەر، بەڵام سەعدوڵڵا پەرۆش بە هۆی کارکردن لەسەر چەند وشە و دەستەواژە و ڕەمزێک بە ئاسانی خۆی ناداتە دەست، سەعدوڵڵا لە وتەکەیدا کە ناوی لێناوە " لە باتی پێشەکی" لە پەرەگرافی یەکەمدا نووسیویەتی: " لە پایزی 1986 لە کاتێکدا کە چەند مانگێک بوو لە شاخ داکشابووم و بە خۆشاردنەوە لە هەولێر ڕۆژگارێکی پڕ لە دڵەڕاوکێم بەسەر دەبرد نووسراوە"، کەواتە قەسیدەی ناوبراو لە شوێنگەیەک نووسراوە کە لە ژێر دەسەڵاتی بەعس بووە، بەڵام قەسیدەکەی شێرکۆ بێکەس وەک خۆی لە ژێری نووسیوە لە " بەرگەڵو 1985/7/12" نووسراوە، بەرگەڵو یەکێکە لەو گوندانەی کوردستان لەو مێژووەدا لە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، کەواتە شیعرەکەی شێرکۆ لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان نووسراوە، بەڵام قەسیدەکەی سەعدوڵڵا لە هەولێر نووسراوە. خوێندنەوەی من بۆ هەردوو دەقەکە زیاتر قسەکردنە لەسەر تەسلیم بوونەوە بە بەعس و شوێن و دەسەڵاتی شیعر و پاشان بەراورد کردنی هەردوو دەقەکە.

**بۆ ئەم دوو شیعرە!**

ئەوەی نیگای منی بەرامبەر ئەو دوو شیعرە تیژ کردووە، بێجگە لەو کەرەسانەی کە وێنە و پێکهاتەی شیعرەکانیان لەسەر بنیاتنراوە، جۆرێک لە وەڵام دانەوەم بەدی کرد لە دەقی دووەمدا واتە لە شیعرەکەی سەعدوڵڵا کە هێڵ و مەبەست و ئاڕاستەیەکم تێدا دۆزیوەتەوە بەرامبەر بە دەقی یەکەم واتە شیعرەکەی شێرکۆ، بە تایبەتیش لە نێوان ئینتیمابوون و خۆ ساغکردنەوەی شاعیر بەرامبەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و شۆڕش، کە تا ئاستێک لە دەقی دووەمدا گومانێک لە لای شاعیر خەلق دەبێت بەرامبەر بە ئیتیمابوونەکەی، ئیتر ئەم خاڵانەو کۆمەڵێک هێڵ و پنتیتر ئەم رامان و نیگاخستەنەیان بۆ هەردوو شیعرەکە لێکەوتەوە.

**یەک نەوە و دوو بەرهەم**

شێرکۆ بێکەس و سەعدوڵڵا پەرۆش یەک نەوەی شیعری هاوتەمەن، هەردووکیان لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردوو یەکەمین کۆمەڵە شیعریان بە چاپگەیاندووە، " تریفەی هەڵبەست" ی شێرکۆ بێکەس ساڵی 1968 چاپکراوە و " کۆشی ئارام" ی سەعدوڵڵا پەرۆش ساڵی 1969 چاپکراوە، بەڵام هەر زوو شێرکۆ بێکەس گرەو لە تەواوی هاوتەمەنەکانی خۆی دەباتەوە و دەبێتە سەردەقشکێنی شیعری کوردی دوای "گۆران" و تا ئێستاش لە دوای خۆی چوار نەوەیتری شیعری هاتوون، بەڵام لەگەڵ هەر چوار نەوەکەدا لە ململانێی داهێنان دایە، شێرکۆ خاوەنی زۆرترین بەرهەم و زۆرترین چەشەی شیعر و مۆدێلی نووسینی شیعر و خەلقکردنی فەنتازیای وێنەی شیعرییە، شیعرەکانی شێرکۆ بوونەتە خۆراکە ڤیتامینی مێژووی داهێنانی شیعری کوردی، بەڵام سەعدوڵڵا تا ئێستا نەیتوانیوە لە بازنەی هەوڵی نووسینی شیعر بچێتە دەرەوە و کار لەسەر بەردەوامبوونی داهێنان بکات.

**دوو دەق لە دوو شوێنگەی جیاواز!**

وا لە خوارەوە شیتەڵکاری بۆ شیعری " نەفرەت" ی شێرکۆ بێکەس دەکەم، پاشان دێمە سەر شیعرەکەی سەعدوڵڵا پەرۆش

لە 1985/1/15 یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بەیانێکدا کۆتایی بە گفتوگۆی نێوان خۆی و حزبی بەعس " دەسەڵاتی بەغدا" هێناو لە تەواوی ناوچەکانی کوردستان شەڕی سەنگەرو شەڕی پارتیزانی بەرامبەر بە هێزەکانی دوژمن بە هێز کرد کە لە ساڵی 1985 تا 1988 زیانێکی زۆری ماددی و بەشەری لە بەعس دا، خەڵکێکی زۆر ئومێدیان بەسەرکەوتنی گفتوگۆکە هەبوو، دوای ئەو بەیاننامەیە کەسانێک هەبوون تەسلیم بە بەعس بوونەوە، ئەمەو سەرەڕای ئەوەی کە سەدەها کەس لە شار و شارۆچکە و گوندەکاندا پەیوەندیان بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کرد، تەسلیم بوونەوەی ئەو کەسانە بە تایبەتیش چەند نووسەر و پێشمەرگەیەک کە لە دامودەزگاکانی نووسەران و راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کاریان دەکرد، شێرکۆ بێکەس تورە دەکات و بە دوو سەنگەر ناویان دەبات:

**دوو سەنگەرە**

**دوو تفەنگە.. دوو رابەرە**

**دوو مردن و دوو ژیانە**

هەر دوای ئەم دێڕانە دەکەوێتە وەسفی شوێنگە و ئامانجی خەباتی پێشمەرگە، سەنگەری یەکەم بە ژوانگەی خەباتی ئازادی و باڵندەی دڵی هەژاران دادەنێت، شێرکۆ لە وەسفەکەیدا بە ئاشکرا

پەیڕەو و ئایدیۆلۆژیاو درووشمەکانی " کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان" ئاوێتەی شیعرەکەی دەکات، بە تایبەتیش تەوزیفکردنی داس و تێکۆشان و دروشمی کەم بژی، کەڵ بژی:

**یەکەم: ئازادیی لە کوێ بێ**
**ئەم سێبەری باڵای ئەوە**
**باڵندەی دڵی هەژاران بۆ کوێ بفڕێ**
**ئەم ئاسمانی ئەو دڵەیە**
**ئەم هێلانەی ئەو مەلەیە**
**قۆڵ بە قۆڵی خەمی جۆگە و شاخا ئەکا**
**لەگەڵ بارانا دائەکا**
**بۆ سەربەستی گوڵەگەنم**
**شەوانە ئەم**
**ئێشکی کێڵگەی نووستوو ئەگرێ.**
**رۆژانە ئەم**
**داسی رەنجە**
**ئارەقەی زەوی ئەڕێژێ**
**-کەم ئەژی بەڵام کەڵ ئەژی-**
**وەختێ ئەمرێ**
**دارستانی گەل ئەینێژێ**

بەڵام لە وەسفی دووەم سەنگەردا، وەک شوێنگەیەکی دیکتاتۆری وەسفی دەکات و قسەکانی ئاڕاستەی ئەو " تاک"ە دەکات کە خۆی تەسلیم کردۆتەوە و پێی دەڵێت ئەگەر باوەڕ ناکەیت کە سەنگەری دووەم شوێنگەی دیکتاتۆرییەت و کوشتنە، فەرموو سەیری لەشی کوردستان بکە:

**دووەم: وەکوو ئەمیستاکە**
**تابووت تاشی ئازادیە**
**گەرووی رزگاری لە کوێ بێ**
**ئەو دەمی نێزەو سونگییە**
**من هیچ ناڵێم**
**ئەوە لەشی کوردستانم**
**خۆت بیبینە**
**پەنجەرەی گەورەی چوار تاکی سەر برینە!**

شاعیر بەم شێوەیە لەسەر وەسفکردنی شوێنگەی دووەم " بەعس" بەردەوام دەبێت، ئەگەرچی لە تێهەڵکێشکردنی وێنەکاندا هەست بە جۆرێک لە ناموفارەقەی دەق دەکرێت، بەڵام سەرجەم بە تاکی دەق ئاڕاستەکراو دەڵێت؛ ئەوێ شوێنگەی کۆت و مەرگی نان و چرای کزو جێ کەللەی عاشقانە:

**تەماشاکە:**
**لە نیشتمانی دەغڵدا.. نان چۆن ئەمرێ!**
**لە نیشتمانی نەوتدا.. چاوی چرام چەندە کزە.**
**تلْپەی پرتەقاڵی گوشراو**
**ئەوە وێنەی ئەو دڵەیە.**
**کۆتەی قەساب**

**ئەوە لەشی ئازادیخواز.**
**تۆپەوانە و دەمی گییرە**
**ئەوە کەللەی مەم و زینی ئەم گەلەیە**

لەم کۆپلەیەدا راستەوخۆتر دەکەوێتە موخاتەبەکردنی کەسی تەسلیم بووەوە، شێرکۆ زۆر توندو بێ بەزەییانە ئازاری ئەو کەسە دەدات و بە گسکی سەر تەنەکەی خۆڵ " زبڵ" ناوی دەبات، سەرەڕای پەیوەندی نێوانیان، چونکە لە یەکەم دێڕی ئەو کۆپلەیەدا وەک کەسێکی نزیکی خۆی ناوی دەبات:

**وا جێت هێشتم..**
**وا مەمکی دایکی خۆت بڕی و**
**وا رۆیشتی**
**بەڵێ تەنها یەک هەنگاوە**
**یەک تەوقەیە**
**بەڵام ئەو تەوقە و هەنگاوە**
**پلوسکی ئابڕووی تکاوە.**
**وا رۆیشتی**
**دەستیشت خستە ناو دەستی**
**دووەم سەنگەر**
**ئەوساش وەکوو کەڵەشێری**
**بەزیوی پۆپنە خوێناویی**
**لەسەر دار و پەردوویماڵی**
**رووخاوی خۆت هەڵ ئەنیشتی**
**لەوساتەوە.. تۆ ئەو گسکەی**
**ئەبێ لەسەر**
**تەنەکەی خۆڵ دابنیشی!**

لەم کۆپلەیەدا تووڕەتر دەکەوێتە دواندن و بە چەند وێنەیەکی قێزەون بەیانی حاڵی دەکات و بە گۆرەوی چڵکن، کەفاوی دوای ریش تاشین، دای. بی دەیچوێنێت:

**ئیتر وەک گۆرەوی چڵکن... دڕاو**
**وەک کەفاوی دوای ریش تاشین**
**وەکوو " دای. بی" !**
**تۆ توڕ درایت و تۆ رێژرای!**

بەم وەسف و شەو زاراوانەی خوارەوەش روونتر دەردەکەوێت کە شوێنگەی نووسین و وەسف و هەڵوێست وەرگرتنی شاعیر، فەزایەکە لە ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بووە، بە تایبەتیش لەو شوێنانەی کە زاراوەکانی مەڵبەند و تیپ و مەفرەزە و کەرتی تەوزیف کردووە، چونکە ئەمانە بەشێکن لرە مێژووی پێکهاتەی سیاسی و عەسکەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان:

**رۆیشتیتەوە و دوای تۆ مەقەڕ**
**دارو بەردی هاتنە قسە و**
**وتیان: نەفرەت!**
**پێ خەفەکەت**

**کەس تیا نانوێ و ئەڵێ: نەفرەت.**
**توولە ڕێی ئەوبەر گردەکە**
**گەڵا گەڵای درەختەکە**
**هاژە هاژی رووبارەکە**
**بناری کێو تا لووتکەکە**
**خۆڵ و تۆزی پێ دەشتەکە**
**مەڵبەند و تیپ**
**مەفرەزە و کەرت**

بەڕای من بەم وێنە شیعرییەش دەردەکەوێت کە کەسی تەسلیم بووەوە نووسەر بووە، بە تایبەتیش وەک لە کۆپلەی پێشوودا دەڵێت " ڕۆیشتیتەوە و دوای تۆ مەقەڕ" کە ئەو کاتە شێرکۆ زیاتر لە بارەگای نووسەران یاخود لە راگەیاندنی ناوەندیدا دەبینرا، هەروەها لەو شوێنەی کە نووسیویەتی" حاشا لەوەی... لەو وشەیەی" و شێرکۆ بە سێبارەکردنەوەی وشەی نەفرەت کۆتایی بە شیعر و تووڕە بوونەکەی دێنێت:

**نەک کەرەتێ هەزار کەڕەت**
**هەموو ئەڵێن: حاشا.. حاشا**
**حاشا لەوەی**
**لەو وشەیەی ... لەو گوللەیەی**
**شیری مەمکی شاخیان فرۆشت**
**سەری گوڵەباخیان بڕی**
**چاوی درەختیان هەڵکۆڵی**
**نەفرەت**
**نەفرەت**
**نەفرەت**

ئێستا دێمە سەر " نەفرین"ی سەعدوڵڵا پەرۆش، کە وەک لە پێشەوە ئاماژەم پێدا، دوای تێکچوونی گفتوگۆی بەعس و یەکێتی سەعدوڵڵا تەسلیم دەبێتەوە و ئەو شیعرەی شێرکۆ زیاتر ئازاری دەدات و ئاگایانە دەکەوێتە چنینی پاساوهێناوە، بەڵام بە زمانێکی ئاوێزان بە ڕەمز و قبوڵکردنی شوێنگەی بەعس وەک ئەمرێکی واقیع کە بۆ خۆی خولقاندووە و وەک کەسێکی لاواز، خۆی نمایش دەکات

**نازانم نا..**
**هەنگامی کۆچی ناوادەی بازی لانەوازی رۆح بوو؟**
**یا کەرنەڤاڵی خەزانی باخی بێهودەیی شیعر!**
**نازانم نا..**
**پەتای بە کۆتا هاتنی عومری درێژی خەون بوو؟**
**یا کۆدێتای گەردوون دژی، سروشت و جوانی و**
**سیحر!**
**وا بەم چەشنە،**
**گەڵا، گەڵا،**
**سەری کردووی بە دارستانی هەڵوەرین**

**پەپو سترانە شومەکەی تێدا دەچڕی:**

**نەفرین..**

**نەفرین..**

**نەفرین...**

**نەفرین**

پاشان وەک شڵەژاوێکی دەروونی و لێکترازاوێکی رۆحی و جەستەیی ترس گەمارۆی دەدات و هەڵدەوەرێت:

**تۆی زۆربای خەفەت و پیریەتی لێ ترساو**

**شمشێری چ ترسێ پێکاتی!**

**تا چەشنی دارستان،**

**تووشت بێ بە تووشی خەزانی هەڵوەرین!**

لەم چەند وێنە و وەسف و هۆنینەوە و بە شیعر چنینەدا وەڵامی شێرکۆ دەداتەوە، لە هەندێک شوێن بە پشت بەستن بە وشەی " گوایە" دەکەوێتە توانج لێدان لە شێرکۆ، سەعدوڵڵا لەم چەند کۆپڵەیەدا بە ئاشکرا دیارە کە شیعرەکەی شێرکۆی بینیووە کە بە هەمان کەرەستە شیعرییەکانی ئەو وەڵامی دەداتەوە، هەروەها لە شوێنێکدا رەنگە بێ ئاگایانە بێت کە سوودی لە رستە شیعرێکی " نالی" وەرگرتووە، کە ئەم نیو دێرەیە " دڵی مۆم، لە بەزمی پەروانان دەشکێنی" کە پێویست بوو شاعیر ئاماژە بە سەرچاوەی ئەو ئیحایە بکات:

**گوایە تۆ،**

**دڵی مۆم،**

**لە بەزمی پەروانان دەشکێنی و**

**کلچوکی هەڵوەرین دەنێیتە چاوی گوڵ!**

**گوایە تۆ،**

**خوێنی باخ،**

**بە فیتی رەشەبا دەڕژێنی و**

**ناهێڵی پێکەنین بگاتە لێوی چڵ**

**گوایە تۆ،**

**ئەوێستا**

**روناکی راودەنێی**

**جریوە لە چاوی ئەستێران لێڵ دەکەی**

**ئاگرۆچکەی شوانکاران لە قورگی ئاو دەنێی**

**ماڵاتان بۆ گورگان لە کێوان وێڵ دەکەی**

**گوایە تۆ،**

**ئەوێستا**

**تارمایی دەبەیتە سەرخوانی چل چرا**

**جۆخینان بە پاسی رەشەبا دەسپێری**

**گوایە تۆ**

**ئەوێستا**

**گۆی زوخاڵ بە باڵی سیمرخ لە جەژنی ئاگرا**

**بە دیاری بۆ کێڵگە و چیمەنان دەنێری!**

مخابن.
تۆش وەکو بایەقو
بە مەرگە ناوەختێ هەڵبڵێی
کە مەلی زیندەگی بخاتە داوی تۆڕ!
بە بەژنی نەزۆکە دەرەختێ هەڵبڵێی
کە لافی بڵندی لێبدا
بەسەر سەر گوڵگەنمی پێدەشتی پان و پۆڕ!
بە تەختی سەر سەختی پێتەختێ هەڵبڵێی
راگیری کردنی شانی کورت سەری شۆڕ
بە ناوهێنانی ناوی یەکێک لە قەسیدەکانی شێرکۆ بێکەس کە ناوی " بەیتی برایمۆک" ئاماژەدان بە "کازیوە" ئەوە تەئکید کردنەوەیە کە ئەم شیعرە وەڵامی شیعرەکەی شێرکۆیە:
من ئەوسا،
بە باران ئاشنا و
رەشەبایش نوستبوو
بۆ بەفر و زریانیش
لە بەیتی برایمۆک چیرۆکیم بیستبوو!
ئینجا شاعیر باشتر خۆی دەناسێنێت و هەڵوێستی ئەوسای بەیان دەکات و هەوڵ دەدات وەک کەسێکی بەردەم دادگا وەڵامی تۆمەتەکان بداتەوە:
بپرسە..
کازیوە دەمناسێ
ئەستێرە
گەواهیم بۆ دەدەن!
من شەپۆلی
لێوار گرتووی روبارێ بووم
دەربەند دەیدایە دەست دەربەند
من سەربردەی
عیشقی مردووی دڵدارێ بووم
قەدەر عومری دا بە مەرگ و
ئەزمونیشی بەخشی بە پەند
من ئەو روبارە مێژوومە و
مێژووی ئەو رووبارەش گوڵە
من ئەو دڵدارە توێشومە و
توێشوی ئەو دڵدارەش دڵە
پاشان روونتر شوناسی خۆی ئاشکرا دەکات، کە لە ترس و ترساندن خۆی کۆی دەکاتەوە:
نەمدەزانی
ترس مایەی دارمانە و
سەفەر بلیتی بزر بوون!
لەم کۆپڵەیەی خوارەوەدا، خوێنەرو لێکۆڵەر دەتوانێت کایەی وەسفکراو بە دوو شوێنگەی جیاواز بچوێنێ، ئەگەر شاعیر مەبەستی لەو شوێنگەیە بووە کە تا دوێنێ فرمێسکی

کانییەکانی تریفەی مانگ و پەنگری لە پرشەی تریفە و جریوەی ئەستێران گەشتر بوو... هتد، بەڵام ئەمرۆ دیارە ئەو شوێنگەیە بۆ ئەو لەو وەسفانە بەدەرە، ئەو شوێنگەیەی کە شاعیر بەرامبەری کەوتۆتە گومانەوە، شوێنگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە، چونکە بۆ ماوەی زیاتر لە 3 ساڵ شاعیر نووسەرێک بوو لە ناوچە ئازادکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەژیاو پێشمەرگە بوو، بەڵام ئەگەر شاعیر لەم وەسفانە مەبەستی شوێنگەی بەعسیش بێت، ئەوە هەڵوێستەکە خراپتر دەکەوێتەوە:

**دەزانم**
**رۆژگارێک ئەم ناوە**
**فرمێسکی کانیاوی**
**تریفەی شەومانگ بوو!**
**تانۆکی لە گوڵەباخ رسکاوی**
**لە تاڵی برژانگ بوو!**
**دەزانم**
**رۆژگارێک ئەم ناوە**
**پەنگری ئاورگ و کازیوەی بەیانی**
**لە پرشەی تریفە و جریوەی ئەستێران**
**گەشتر بوو!**
**ئەوساکە ئەم ناوە**
**بلوری گەردن و روخساری دیمەنی**
**لە ڤینۆس شۆختر بوو**
**گزنگی بەندەن و خوساری چیمەنی**
**لە بەفر تۆختر بوو**

شاعیر بە هەناسەیەکی گەمارۆدراو بە " ئاخ" هۆکاری تەسلیم بوونەوەکەی خۆی بەیان دەکات:

**بەڵام ئاخ**
**شەوێکی سایەقەی سڕ ئامێز**
**شەوێکی کڕێوەی بۆ ساماڵ لە پارێز**
**بەفر هات،**
**هەڵاوی کوانوی خەفە کرد**
**تروسکەی فانۆسی دەرخواردی زریان دا**
**ئاورگی یەخسیری ئەم گێژ و تۆفە کرد!**
**تریقەی نقوم کرد لە قوڵپی گریاندا**

شاعیر درێژە بەم چینیە دەداو تا دەگاتە...

**تەوژمی لێشاوی**
**بەربووە پاشماوەی کۆڵیتی رماوی**
**شەو هات و شەو رۆیی**
**رۆژهات و رۆژ رابورد**
**ئاو هەڵمی لێ هەڵساو لافاو مرد**
**ئەمجارە قرچە هات**

**بەر لەوەی پێخوستی پێی لێمشت بزر بێ**
**ئاگری بەردایە دەروونی تاساوی**
تا دەگات بەم کۆپلەیەو باشتر هۆکارەکە ئاشکرا دەکات و سەرەڕای هەڵکشانی ژیانی خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتی بەڵام ئەو واتە شاعیر پێی وایە:
**لەو ساوە**
**لە دیدەی خەیاڵم، تا ئێستا لەم ناوە**
**نە چڵێ برژانگی گەڵایێ هەڵدێنێ**
**نە مەلێ هێلانە لەسەر چڵ چێ دەکا!**
**نە نەغمەی شالورێ بێدەنگیی دەدوێنێ**
**نە جۆگەی کانیێ بۆ باخێ رێ دەکا!**
لە کۆتایدا، سەعدوڵڵا سەرەڕای گومانەکانی، بەڵام بۆ دیداری ئەو شوێنە تاسە دەکات، بەڵام ئەمجارە ترسی لە رمان و برینەکان هەیە و لەسەر گومان دەژیت و نەفرین لە شوێنگەی یەکەم دەکات، کە شوێنگەی چالاکی و خەباتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، چونکە گومانی بەرامبەر زۆربەی شتەکان هەیە:
**ئەمجارە**
**گومانم لە خشپەی سەفەری گەڵایە**
**ئەوەتا بۆ تاسەی دیدارت**
**خەزانم لە دوتوێی دڵایە**
**نەء ترسی ئەم جارەم**
**لە ناڵەی رمان و**
**ئاوێنەی برینە**
**بۆیە وا سەراپام گومان و نەفرینە!**
**نەفرین..**
**نەفرین..**
**نەفرین..!**

### بەراوردکردنی هەردوو شیعرەکە

هەوڵ دەدەم لەم خاڵانەدا هەردوو شیعرەکە بەراورد بکەم:
- شێرکۆ، شیعرەکەی ناوناوە نەفرەت، بەڵام سەعدوڵڵا شیعرەکەی ناوناوە نەفرین.
- شێرکۆ، رۆژی 1985/7/12 لە گوندی بەرگەلو شیعرەکەی نووسیوە، بەڵام سەعدوڵڵا لە کۆتایی ساڵی 1985 یاخود لە سەرەتاکانی ساڵی 1986 شیعرەکەی لە هەولێر نووسیوە.
- شوێنی نووسینی شیعرەکەی شێرکۆ، ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، بەڵام سەعدوڵڵا دوای ئەوەی چەند ساڵێک پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە، لە ساڵی 1986 خۆی تەسلیم بە رژێمی سەددام حوسێن کردۆتەوەو شیعرەکەی دوای ئەو خۆ تەسلیم کردنەوەیە لە هەولێر نووسیوە.
- شێرکۆ هەر دوای نووسین، شیعرەکەی بڵاوکردۆتەوەو پاشان لە ئێستگەی رادیۆی گەلی کوردستان خوێندرایەوە، دوای ئەمەش لە چەندان شوێنیتر بڵاویکردۆتەوە، بەڵام سەعدوڵڵا دوای دوو ساڵ لە نووسینی شیعرەکە ئینجا تەنیا چەند کۆپڵەیەکی لە گۆڤاری " کاروان" ی ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان بڵاوکردۆتەوە، ئینجا

دوای 13 ساڵ لەو مێژووە، سەعدوڵڵا ساڵی 1998 چووە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق و جارێکیتر لە نامیلکەیەکی سەربەخۆدا تەواوی شیعرەکەی بڵاوکردۆتەوە.
- شێرکۆ ئەوسا لە یەکێتی نووسەرانی کوردستان و لە دەزگای ناوەندی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێشمەرگە بوو، بەڵام سەعدوڵڵا لە هەفتەنامەی وەرزشی گۆڤاری کاروان و لە گۆڤاری " تەندروستی و کۆمەڵ " ی ئەمینداریێتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتیی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان کاری دەکرد.
- شێرکۆ ، لەم شیعرەدا باس لەو پێشمەرگانەدا دەکات کە خۆیان تەسلیم بە رژێمی سەددام حوسێن دەکردەوە، سەعدوڵڵا وەڵامی شێرکۆ دەداتەوە.
- زمانی شیعرەکەی شێرکۆ زۆر توندە بە تایبەتیش لە چەند وێنەیەکدا، راستە هونەرکاری سەرکەوتووی تێدایە، بەڵام هەست بە هەڵاوی دەروونی شێرکۆ دەکرێت، شیعرەکەی سەعدوڵڵا ئاوێزان کراوە بە رەمز و رەمزکاری و یەکێکە لە شیعرە جوان و نەفەس درێژەکانی سەعدوڵڵا.
- لە شیعرەکەی شێرکۆدا هەست بە هەستێکی شۆڕشگێڕیی یاخیبوون دەکرێت، بەڵام سەعدوڵڵا سوودی لە کەرەسەکانی سروشت بینیووە، واتە سۆز و خەیاڵ زاڵن.
- شێرکۆ ئەم شیعرەی وەک هەر شیعرێکی بەرگری بە زمانێکی سادە و روون داڕشتووە، سەعدوڵڵاش بە پاساوهێناوە گەمەی لەسەر وێنەو کەرەسەکانی شیعردا کردووە.
- شێرکۆ نەیتوانیوە خۆی لە دروشم و بەرنامەی کاری حزبایەتی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان دەرباز بکات و ئینتیمابوونی حزبایەتی بە شیعرەکەوە دیارە، بەڵام سەعدوڵڵا هەوڵ دەدات خاڵە نێگەتیڤەکانی مێژووی ئەو سێ ساڵەی حزبایەتی و پێشمەرگایەتی ئیبراز بکات، سەرەڕای ئەوەی کە ئەو یەکێک بووە لە کەسە نزیکەکانی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
- لە باری دانانی نیشانەکانی خاڵبەندیدا هەست بە بێ دەسەڵاتی شێرکۆ دەکرێت، سەعدوڵڵاش بە هەمان شێوە، بەڵام سەعدوڵڵا هەوڵیداوە بە دانانی نیشانەی سەرسووڕمان گومان بخاتە سەر شێرکۆ و ناوەڕۆکی شیعرەکەی.
- هەردووکیان کەرەستە شیعرییەکانیان ئاراستەی " تاک" کردووە، نەک" کۆ" .
بە جارێکی خوێندنەوەی هەردوو شیعرەکەو هەڵوەستە کردن لەسەر ئەم خاڵانەی پێشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە سەعدوڵڵا پەرۆش شیعری نەفرین- ی لە وەڵامی شیعری نەفرەت- ی شێرکۆ بێکەسدا نووسیوە.

## سەرچاوە

شێرکۆ بێکەس، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی یەکەم، سوید/ ستۆکهۆڵم- 1990، شیعری نەفرەت لاپەڕە 450 تا 458.

سەعدوڵڵا پەرۆش، نەفرین، هەولێر- 1999، ئەم نامیلکەیە هەر ئەم شیعرەی لە خۆگرتووەو بریتیە لە 48 لاپەڕە.